# نوێنەرانی کوردستان لەجامی یەکێتی ئاسیا

ڕاپۆرت: ڕێبین ڕەمزی



**وابڕیارە ١٢ی ئەم مانگە لەچوارچێوەی یارییەکانی جامی یەکێتی ئاسـیا بۆ تۆپی پێ هەردوو نوێنەری کوردسـتان بکەونە بەردەم ئەرکێکی زەحمەتەوە، کاتێك لە کۆمەڵەکانی خۆیان ڕووبەڕووی دوو یانەی رکابەر دەبنەوە.**

### دهۆك هەوڵ دەدات پارێزگاری لە پێشەنگی کۆمەڵەکەی بکات

لە چوارچێوەی یارییەکانی کۆمەڵەی سێیەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ یانەی دهۆك هەوڵ دەدات پارێزگاری لەپێشەنگی کۆمەڵەی سێیەم بکات دوای ئەوەی لە یاریگەی عەباسین لە دیمەشق- ی پایتەختی سوریا دەبێتە میوانی یانەی جەیشی سووری، هەرچەندە یانەی دهۆك لەخولی بژاردەی عێراق ئاست و ئەنجامی وەکو پێویسـت نییە و لەپلەی حەفتەمی خولەکە دێت بەکۆکردنەوەی ٢٢ خـاڵ ئەمەش بووە جێگەی نیگەرانی هاندەرانی یانەکـە، چونکە ٤ خاڵی جیاوازە لەگـەڵ پلەکانی دابەزین بۆ خولی پلە نایابی عێراق، لەبەرانبەردا بارودۆخی سوریا باش نییە بەهۆی ئەو تەنگژەییە سیاسییەی ئێستای ئەو وڵاتەوە، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی یەکێتی تۆپی پێ سـوریا یارییەکانی خولی سـوریا بۆ کاتێکی نادیار رابگرێ، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك خـراپ بۆ یانەی جەیش بە تایبەتی و یانەکانی سـوریا بەگشـتی هەر بەهۆی ئەم ڕووداوانە دەستەی کارگێری یانەی دهۆك داوای لەیەکێتی تۆپی پێ ئاسیا کرد لەرێگەی یەکێتی تۆپی پێ عێراقەوە، کەیارییەکە لە یاریگەی عەباسـین لە سـوریا بۆ وڵاتێکی تر بگوازێتەوە بەهۆی ئەم بارودۆخـە خراپەی ئەو وڵاتە و بۆ پاراسـتنی ژیانـی یاریزانانـی یانەکە، بـەڵام داوایەکەی ڕەتکرایەوە هەر لەچوارچێوەی یارییەکانی هەمان کۆمەڵـە یانەی فەیسـەڵی ئوردنی میوانداری یانەی نەسـری کوێتی دەکات، یانەی فەیسەڵی نازناوی خولی ئوردنی لەوڵاتەکەی لەدەستدایە بۆیە هەوڵ دەدات لـەم پاڵەوانێتیە ئەنجامێکی باش بەدەسـتبهێنێت لەبەرانبەردا یانەی نەسری کوێتی لە دوو یاری لەسـەر یەکدی تووشـی دۆڕان هاتن و تا ڕادەیەك ڕکابەری لەسەر یەکێك لە بلیتەکانی ئەم کۆمەڵەیە لەدەستداوە.

### خشتەی یارییەکان بەم شێوەیە

جەیش سـوریا – دهۆك (کاتژمێر ٦ی ئێوارە)، فەیسـەڵی ئوردنی – نەسـڕی کوێتی (٥ی ئێوارە).

ریزبەندی یانەکان بەمشێوەیەیە

١- دهۆك ٦ خاڵ
٢- فەیسەڵی ٣ خاڵ
٣- جەیش ٣ خاڵ
٤- نەسڕ سفر خاڵ.

### هەولێر چـاوی بڕیوەتە پێشـەنگی کۆمەڵەی پێنجەم

ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ئەم مانگە لە یاریگەی شـەهید فرانسۆ هەریری لەشاری هەولێر یانەی هەولێـر میوانداری یانـەی عەروبەی عومانی دەکات لەچوارچێـوەی یارییەکانـی کۆمەڵەی پێنجەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ، ئەم یارییە بۆ هەردوو یانە گرنگە بەتایبەتی یانەی هەولێـر کە هـەوڵ دەدات لەبەرانبەر هاندەرانی خۆیدا سـەرکەوتن تۆمـار بکات بـۆ ئەوەی لەپێشەنگی کۆمەڵەکەی بمێنێتەوە و تا ڕادەیەك لەسـەرکەوتن بۆ قۆناغی داهاتـوو نزیك بێتەوە ئەمەش تەنیا بەسـەرکەوتن ڕوودەدات بۆیە لەم یارییەدا یانەی هەولێر پێویسـتی بەئامادەبوونی جەماوەر هەیە بۆئەوەی پشـتگیرییان لێبکات و هەمان سیناریۆی یارییەکەی هەولێر و کەرامەی سـووری دووبارە ببێتەوە، کاتێك لەم یارییە زیاتر لە ٢١ هـەزار هاندەر ئامـادەی یارییەکە بوون بۆیـە چاوەڕوان دەکرێت هەمان ژمارە لەم یارییە ئامادە بێت، لە بەرانبـەردا یانەی عەرووبە لەم یارییە هەوڵ دەدات سەرکەوتن یان خاڵێك بەدەست بهێنێت، ئـەم یانەیە خاوەن چەندیـن یاریزانی بەتوانایە لە هێڵی ناوەڕاسـت و هێرشـبەر و تا ئێستا لەهیچ یارییەك تووشی شکست نەهاتووە، لەیارییەکی تردا هەردوو یانەی کەرامەی سووری و عەهدی لوبنانی ڕووبـەڕووی یەکتر دەبنەوە هـەردوو یانە بۆ بردنەوە یـاری دەکەن، چونکە تەنیا بە بردنەوە سـودمەند دەبن تاکو بتوانن لە ڕکابەری سـەرکەوتن بۆ قۆناغی دووەم بەردەوام بـن یانەی عەهد لە دوو یاری تووشـی دۆڕان هاتـووە لەبەرانبەردا یانەی کەرامەی سـووری

# بۆ تۆپی پێ لەبەردەم ئەرکێکی زەحمەتدان



فۆتۆ: ئەرسەلان عەبدوڵڵا

لەدوو یاری یەکسان بووە.

خشتەی یارییەکان

هەولێر – عەرووبە عومانی (کاتژمێر ٦ی ئێوارە)، عەهدی لوبنانی – کەرامە- ی سووری (کاتژمێر ٦ی ئێوارە)

ریزبەندی یانەکان

١- عەرووبە ٤ خاڵ
٢- هەولێر ٤ خاڵ
٣- کەرامە ٢ خاڵ
٤- عەهد سفر خاڵ.

خشتەی یارییەکانی کۆمەڵەکانی تر بەمشێوەیەیە

کۆمەڵەی یەکەم

تەلال یەمەنی – ئەنسار لوبنانی، دیمبۆ هیند – ناساف ئۆزباکستان.

ریزبەندی یانەکانی کۆمەڵەی یەکەم بەمشێوەیەیە

١- ناساف ئۆزباکستان ٦ خاڵ
٢- ئەنسار لوبنان ٣ خاڵ
٣- دیمبۆ هیند ٣ خاڵ
٤- تەلال یەمەن سفر خاڵ.

کۆمەڵەی دووەم

قادسیە (کوێت) – سەقەر(یەمەن)، شۆرتان (ئۆزباکستان) – ئیتیحاد (سوریا)

ریزبەندی یانەکان بەمشێوەیەیە

١- قادسیە ٦ خاڵ
٢- شۆرتان ٣ خاڵ
٣- ئیتیحاد ٣ خاڵ
٤- سەقەر یەمەن سفر خاڵ

کۆمەڵەی چوارەم

سویق (عومانی) – تەڵەبە (عێراقی)، کوێت(کوێتی) – وەحداتی (ئوردنی)

ریزبەندی یانەکان بەمشێوەیە

١- وەحدات ٦ خاڵ
٢- کوێت ٦ خاڵ
٣- تەڵەبە سفر خاڵ
٤- سویق سفر خاڵ

کۆمەڵەی شەشەم

سیرویجایا (ئەندونوسیا) – سۆنگ لام (ڤێتنام)، ڤی بی (دوورگەکانی مالدیڤ)، حەمرا (هۆنگ کۆنگ).

ریزبەندی یانەکان

١- سیروجایا ٤ خاڵ
٢- سۆنگ لام ٣ خاڵ
٣- حەمرا ٣ خاڵ
٤- ڤی بی ١ خاڵ

کۆمەڵەی حەفتەم

تی تی هانوی (ڤێتنام) – تامبنیس رۆڤرز (سەنگافورە)، موانگ سوانگ یۆنایتد (سەنگافورە) – فیکتۆری (دوورگەکانی مالدیڤ).

ریزبەندی یانەکان

١- موانگ سوانگ یۆنایتد ٤ خاڵ
٢- تامبنیس رۆڤرز ٤ خاڵ
٣- هانۆی ٣ خاڵ
٤- ڤیکتۆری سفر خاڵ.

کۆمەڵەی هەشتەم

جنوب چین (هۆنگ کۆنگ) – ئیست بنگال (هیند)، بیرسیبۆرا جیابۆرا (ئەندنوسیا) – تشۆنبۆری (تایلاند)

ریزبەندی یانەکان


١- تشنبۆری ٤ خاڵ
٢- بیرسیبۆرا جیابۆرا ٤ خاڵ
٣- ئیست بنگال ١ خاڵ
٤- جنوب چین ١ خاڵ.

**یارییەکانی هەولێر و دهۆك پلەکانی دووەم و سێیەم بەدەست دەهێنێت**

دوای تەواوبوونی یارییەکانی جەولەی دووەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ بە پێی سەرژمێرییەکی فەرمی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا یاری نێوان هەردوو یانەی هەولێر و کەرامەی سووری، کە لە یاریگەی شەهید فرانسۆ هەریری ئەنجامدرا بەدووەم زۆرترین یاری دەستنیشان کرا لەرووی ئامادەبوونی جەماوەر دوای ئەوەی لەم یارییە زیاتر لە ٢١ هەزار هاندەر ئامادەی بوون و لەپلەی یەکەم یارییەکی هەردوو یانەی ئیتحادی سووری و قادسیەی کوێتی بوو، کە لە سووریا ئەنجامدرا و ٣٠ هەزار هاندەر ئامادەی یارییەکە بوون لەبەرانبەردا یارییەکەی نێوان هەردوو یانەی دهۆك و فەیسەڵی بەسێیەم یاری پر جەماوەری هات، دوای ئەوەی لەم یارییەدا زیاتر لە ١٧ هەزار هاندەر ئامادەی بوون.

ئەمەش جێگەی شانازییە بۆ هەردوو یانە و چاوەڕوان دەکرێت لەیارییەکی هەولێر و عەرووبەی عومانی زیاتر لە ٢١ هەزار هاندەر ئامادەی یارییەکە بن بۆ ئەوەی پشتگیری لەیانەی هەولێر بکەن لەم یارییە چارەنووسسازەدا.

# گواردیۆلا.. رۆژنامەنووسەکەی ئیتاڵیا فریوی دام



دوای ئەوەی کەناڵی (رای)ی ئیتاڵی لەیادی دامەزراندنی ١٥٠ ساڵەی یانەی بریشیا چاوپێەوتنێکی لە گەڵ راهێنەری یانەی بەرشلۆنە پیپ گواردیۆلا ئەنجامدا کە پێشتر یاریزانی ئەم یانەیە بووە و لەبەشێکی ئەم چاوپێکەوتنەدا گواردیۆلا ئاماژەی بەوە کرد کەکاتی رۆیشتنی لەیانەی بەرشلۆنە نزیك بۆتەوە، گواردیۆلا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دووپاتی کردەوە کە رۆژنامەنووسەکەی ئیتاڵیا لەئەو زیرەکتر بووە و توانی چەند ڕستەیەکی لێوەربگرێت بەبێ هیچ مەبەستێك و هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە ئەم قسانە بڵاونەکرێنەوە، بەڵام کەناڵەکە بەفشارەوە وای لە رۆژنامەنووسەکە کرد کە ئەم چەند ڕستەیە بڵاوبکاتەوە.

گواردیۆلا وتی :ئێوە ئاگاداری ئەم قسەنانەی منن، هیچی تازەی تێدا نییە، من بەشدارییم لە بەرنامەکە کرد چونکە یانەی بریشیام خۆش دەوێت، لەگەڵ رۆژنامەنووسەکە رێککەوتم کە دوا قسەکانی من بڵاونەکاتەوە کەچی کەناڵی ڕای سوور بوو لەسەر بڵاوکردنەوەی، من راهێنەرێکی لاوم و هێشتا فێر دەبم.

لە درێژەی لێدوانەکەی گواردیۆلا وتی: کاتێك ڕاهێنەرێك بۆ ماوەی چوارساڵ لەگەڵ یانەیەك بەردەوام دەبێت ئەوە ئەو راهێنەرە نزیکترە لە رۆیشتن نەك لە مانەوە، کێشەکە لەوەدا نییە کەمن ئەو لێدوانەم بۆ کەناڵێکی ئیتاڵی داوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە رۆژنامەنووسەکە فریوی دام و لەمن زیرەکتر بوو.

راهێنەر پیپ گواردیۆلا ماوەی سێ ساڵە لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە کاردەکات و تا ئێستا ٨ نازناوی جۆراوجۆری بۆ یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا بەدەست هێناوە،لەوانە دوو نازناوی لیگا و نازناوێکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای و نازناوی پاڵەوانی مۆندیالی یانەکان.

# بالۆتیلی پێویستی بە ئامۆژگارییەکانی رۆنالدۆ هەیە



لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵێکی ئیتاڵی، یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی ئەو نهێنییەی ئاشکرا کرد کە وای لێدەکات لە ڕووی خووڕەوشتەوە لەناو یاریگاو دەرەوەی یاریگا پابەند بێت، ئەو نهێنیەش یاریزان دیاردەی بەرازیلی رۆناڵدۆیە.

بالۆتیلی وتی: تاکەکەس کە دەتوانم گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگرم رۆناڵدۆیە، بە ژیانم رۆناڵدۆم نەبینیوە بەڵام زۆر رێزی لێدەگرم و بەخۆشحاڵییەوە گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی دەبم.

هەروەها وتی : ڕێگام پێبدەن جارێك رۆناڵدۆ ببینم و بێگومان هەڵسوکەوتم بەرەو باشتر دەگۆڕێت چ لەناو یاریگا یان لەدەرەوەی یاریگا .

شایانی باسە یاریزان بالۆتیلی خاوەن چەندین کێشەیە لەناو یاریگا و چەندین جار بەکارتی سوور دەرکراوە، جگە لەوەش خاوەنی چەندین کێشەی ئابڕوو بەرە لە دەرەوەی یاریگا، لەبەر ئەو هەڵسوکەوتانەشی چەند جارێك سزا دراوە و لە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا دوورخراوەتەوە.

# دێڤید سیلڤا هۆکاری رۆیشتنی لە یانەی ڤالنسیا ئاشکرا دەکات



دێڤید سیلڤا یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی رایگەیاند بەهیچ شێوەیەك لەیانەی ڤالنسیای نەدەڕۆیشت ئەگەر یانەی ناوبراو لەبارێکی دارایی باش بووایە، یانەی ڤالنسیا لە هاوینی رابردوو بەهۆی نالەباری باری دارایی و قەرزەکانی ناچار بوو ئەستێرەکانی خۆی بفرۆشێت بۆ یانەکانی دیکە وەك یاریزان دێڤید ڤیا بۆ یانەی بەرشلۆنە بەبڕی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ و یاریزان دێڤید سیلڤا بۆ یانەی مانچستەر سیتی بە بڕی ٢٧ ملیۆن پاوەند.

یاریزان سیلڤا کەلەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا جامی جیهانی بەدەست هێنا دووپاتیکردەوە کە ناچارکرا یانەی ڤالنسیا بەجێبهێڵێت بەهۆی کێشەی داراییەوە، سیلڤا بەرۆژنامەی تیلیگرافی لەندەنی راگەیاند: بۆچی یانەی ڤالنسیا بەجێدێڵم، ڤالنسیا پێویستی بە تواناکانی من هەبوو.

هەروەها سیلڤا وتی: من لە یانەی ڤالنسیا خۆشحاڵ بووم، بیرم لە ڕۆیشتن نەدەکردەوە،بەڵام باری دارایی یانە زۆر خەراپ بوو، بۆندەکەی یانەی مانچستەر سیتی سەرنج راکێش بوو، بۆ من و بۆ ڤالنسیا باش بوو، کاتێکی زۆرم نەبوو بۆ بیرکردنەوە چونکە یانەی مان سیتی یانەیەکی ئاست بەرزە لەخولی ئینگلتەرا.

شایانی باسە راهێنەری یانەی مانچستەر سیتی رۆبەرتۆ مانشینی پشت بەیاریزان سیلڤا دەبەستێت لە هێڵی ناوەڕاستی پێکهاتەی سەرەکی یانەکەی.

بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز Mobile: 4514021 rebin1985@yahoo.com

# نیکۆلا ئەنێلکا: من سوپەرمان نیم

هێرشبەری فەرەنسی نیکۆلا ئەنێلکا یاریزانی یانەی چێلسی، دانی بەوە دانا کە ئەو وەرزەی لەگەڵ یانەی ریال مەدرید (١٩٩٩-٢٠٠٠) یاری کردووە زەحمەترین وەرز بووە بە درێژایی ژیانی وەرزشی چونکە زۆر چاودێری دەکرا لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە وەك ئەوەی سوپەرمان بێت، ئەنێلکا لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری فەرمی یانەی چێلسی دووپاتی کردەوەو نەیتوانی خۆی بگونجێنێت لەڕیزی یانەی ریال مەدرید بەهۆی فشاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن جگە لەوەش هەستی بەپشێوی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا ئەو کاتانەی لەبیرە کەلەگەڵ یانەی شاهانە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای بەدەست هێناوە بەتایبەتی تۆمارکردنی گۆڵێکی یەکلاکەرەوە لەقۆناغی پێش کۆتایی.

ئەنێلکای تەمەن ٣٢ ساڵ ئاماژەی بەوە کرد کە نەیتوانیوە تاموچێژ لەژیانی کۆمەڵایەتی خۆی بکات لەمەدرید هەروەك ئێستا ژیان لەشاری لەندەن بەسەر دەبات، هەرئەوەش هۆکاری جیاوازی ئاستی ئەو بووە لەنێوان ریال مەدرید و چێلسی.



جێگای ئاماژە پێکردنە یاریزان ئەنێلکا یەکێکە لەو یاریزانانەی کە ژمارەیەکی زۆری یانەکان یاریکردووە و پێشتر لە یانەکانی ئەرسنال و مانچستەر سیتی و بۆلتن و فەنەربەخچە و ریال مەدرید و پاریس سان جێرمان یاریکردووە و پێش سێ وەرز پێوەندی بە یانەی چێلسی کردووە.

# ئەزارینکا و جۆکۆڤیچ پاڵەوانی مەیامی بوون

لە ویلایەتی فلۆریدا یارییەکانی پاڵەوانیەتی مەیامی ماستەرز لە یاری تێنسی سەر زەوی کۆتایی هات کە کۆی خەڵاتەکانی ٩ ملیۆن دۆلار بوو، تیایدا هەر یەك لە کچە یاریزانی بیلاروسیا ڤکتۆریا ئەزارینکا لەسەر ئاستی ئافرەتان و یاریزانی سڕبی نۆڤاك جۆکۆڤیچ لە سەر ئاستی پیاوان نازناوەکەیان بەدەست هێنا.

لە یاری کۆتایی ئافرەتاندا کچە یاریزانی بیلاروسیا ڤکتۆریا ئەزارینکا رووبەڕووی کچە یاریزانی روسیا ماریا شاراپۆڤا بۆوە و زۆر بە ئاسانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا بە ئەنجامی دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر، ئەنجامی کۆمەڵەکان ( ٦-١، ٦-٤ ) بوو، ئەوەش شەشەمین نازناوە بۆ ئەزارینکا لە ژیانی وەرزشیدا لە کۆی ١٢ یاری کۆتاییدا.

لە یاری کۆتایی پیاوانیشدا هەردوو پۆلینکاری یەکەمی جیهان یاریزانی ئیسپانی رافایل نادال و پۆلینکاری دووەمی جیهان یاریزانی سڕبی نۆڤاك جۆکۆڤیچ بەیەك گەیشتن، لە دوای یارییەکی بەهێزدا کە زیاتر لە سێ سەعاتی خایاند جۆکۆڤیچ بە ئەنجامی دوو کۆمەڵە بەرمبەر کۆمەڵەیەك لە نادالی بردەوە و بووە پاڵەوانی خولەکە، ئەنجامی کۆمەڵەکان ( ٤-٦، ٦- ٣، ٧-٦ ) بوو، ئەوە نازناوی ژمارە ٢٤ بۆ جۆکۆڤیچ لە ژیانی وەرزشیدا، لە هەمان کاتدا سەرکەوتنی ژمارە ٢٤ ی لە سەر یەکە بۆ جۆکۆڤیچ لە ساڵی ٢٠١١ بە بێ هیچ دۆڕندنێك کە ئەمەش باشترین دەستپێکی یاریزانێکی تێنسی سەرزەوییە لە سەرەتای ساڵدا و لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا.



# وەرزی داهاتوو یارییەکانی لیگا لەیەک کات ئەنجام نادرێن

یەکێتی یانە پیشەگەرەکانی ئیسپانیا گەیشتە رێککەوتنێك لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بە مەبەستی درێژکردنەوەی ماوەی کاتی ئەنجامدانی یارییەکانی خولی ئیسپانیا بۆ ئەوەی هاندەران بتوانن سەیری سەرجەم یارییەکان بکەن، ئەم بڕیارەش لە وەرزی داهاتوو کاری پێدەکرێت.

بەپێی ئەم بڕیارە لە وەرزی داهاتوو یارییەکانی خولی ئیسپانیا لە رۆژانی شەممە و یەکشەممە و دووشەممە ئەنجام دەدرێن بەمەرجێك هیچ لەیارییەکان لەیەك کات ئەنجام نادرێن، یارییەکانی رۆژی شەممە چوار یارییە و لە کاتەکانی ١٥ و١٧ و١٩ و٢١ بەکاتی جیهانی ئەنجام دەدرێن، یارییەکانی رۆژی یەکشەممە پێنج یارییە و لەکاتەکانی ١٢ و ١٤ و ١٦ و ١٨ و ٢٠ بەکاتی جیهانی ئەنجام دەدرێن و لە رۆژی دووشەممە یەك یاری لەکاتژمێر ٢٠ ئەنجام دەدرێت لەگەڵ رەچاو کردنی کاتی هاوینە.

ئەم بڕیارە لە بەرژەوەندی هاندەرانی لیگای ئیسپانیایە کە دەتوانن سەیری سەرجەم یارییەکان بکەن بەبێ جیاوازی.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# یانەی سۆران بەهیوای گەیشتنن بۆلوتکەی وەرزشی کوردستان



**تیپی تۆپی پێی یانەی سـۆران دوای ئەوەی سـاڵی ڕابردوو توانی لە ڕیزی یانە پلە دووەکانی کوردسـتان خۆی بگەیەنێتە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردسـتان، ئەمساڵیش لەگەڵ دەستپێکی یارییەکانی خولی پلە یەکی کوردستان، هەوڵێکی زۆریان داوە بۆئەوەی خۆیان بگەیەننە،ریزی پلە نایابەکانی کوردسـتان، سـەڕەرای ئەوەی سـنووری قەزای سۆران بەرفراوانە، بەڵام وەرزشـکارانی ناوچەکە ئاسـتیان وەکو پێویست نییە، بەدەسـت کەمی توانای داراییەوە دەناڵێنن، لەم بارەیەشەوە وەزرشکارانی ناوچەکە داوای پشتگیری زیاتر دەکەن، لەبەرپرسانی وەرزشی شارەکە. ئێمەش ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادەکردووە .**

مامۆسـتا رەفیق سەعید ڕاهێنەری یانەی سۆران لەبارەی ئاسـتی ئەم وەرزەو ئاستی وەرزشی ناوچەکە وتی «ئاستی ئەمساڵی خولی پلە یەکەکانی کوردستان،لەسەرووی مام ناوەندییە لەگەڵ ئەوەش خولەکە بەهێزەو یانەکان ئاستیان باشـە، ئەمساڵ جیاوازی هەیەلەچاوساڵەکانی تر، ئێمە زۆربەی جار دەڵێین ئاسـتی وەرزشی سـۆران پەیوەستە بەو گرنگیانەی کەپێشکەش بەوەرزشکاران دەکرێت، ئەگەر بەراوردی هەندێك ناوچەی تر بکەین، کەوا ئاستی وەرزشییان بەرچاوترە لەسـۆران لە ڕووی مادەی خامەوە، سۆران زۆر پێشـکەوتووە مـادەی خامـەی زۆر زۆرە، ئەگەر هەلومەرجی بۆبڕەخسـێ زۆر پێشدەکەوێت. بەڵام ئەوەی لێ بەدی ناکرێ لە ئاستی وەرزشی، لەدەڤەری سۆران گرنگی کەم بـەوەرزش دەدرێت بەتایبـەت لەلایەن بەرپرسان وئەو کەسانەی وەرزشیان لەدەستە، پێویستە لەسەر بەرپرسانی وەرزشی بۆئەوەی خولی کوردسـتان پێشـبکەوێت، خولەکان بەدوو قۆناغ بێت باشترە وسوودی بۆیانەکان زیاتر دەبێت،لەبارەی کێشەکانی یانەکەشیان وتی «کێشـەی ئێمە نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بەخۆمانە کە گەورەترین کێشەیە لە یانەکەمان، لە رووی مادییەوەش کێشـەمان هەیـە کەوا بودجـەی یانەکەمان ٦ملیۆنە کەچی موچەی یاریزانانی تیپی تۆپی پێ هەشـت ملیۆن ، ڕەنگیشە لەداهاتوویەکی نزیك تووشی کێشەی نەبوونی پارە ببینەوە. وتیشـی هەوڵدەدەین تیپەکەمان بگەیەنینە لوتکەی یانەکانی کوردستان و هەموو هیواو ئاواتێکمان ئەوەیە بگەینـە ریزی یانە پلە نایابەکان،

ئەژین جەلال یاریزانی یانەی سـۆران وتی «ئاسـتی وەرزشـی لە دەڤەری سـۆران باشە،بەڵام وەکو پێویستیش نییە کە جێگای دڵخۆشـی بێت،لە دامودەزگا وەرزشییەکان کەسـی شیاو لە شوێنی شیاو نییە،خەڵکی وەرزشـی زۆر باشـمان هەیە،کەچـی پەراوێزخراون وزەمینە خـۆش نەکراوە تاکو خۆی بگەیەنێتە نێو وەرزشکاران،ئاسـتی یانەکەشـمان زۆر باشـە،ئەگەر بتەوێـت یانەکەمـان بگاتە لوتکە دەبێـت .توانای دارایی باشمان هەبێت.

فەرهەنگ سەعدی یاریزانی یانەی سۆران وتی «بەشێوەیەکی گشتی ئاستی یانەکەمان یەکجار بەرزە،کەچی ئەنجامەکانیشـمان لە خولـی پلە یەك وەکو پێویسـت نییە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هیوامان مـاوە بتوانین ئەنجامی بـاش تۆماربکەیـن .لەوەرزی ئەمساڵ وتیشـی ئەگەر بمانەوێ ئەوخولە بەهێز بێت پێویستە شێوازی خولەکە بکرێتە دووقۆناغ باشـترە ئێمەش وەکـو یاریزانان سـودی زیاتری لێ دەبینیـن وئەزموونێك پەیدا دەکەین لە خولەکە، هەرچەندە ئێمەش کێشـەی گەورەمان ئەوەیە کە تاکو ئێستا یاریگایەکـی تایبەت بەخۆمـان نییە،لە دەزگا وەرزشـیەکانی سـۆران پشتگیری ناکرێین،کاربەدەسـتان خۆمان پێ نیشـان نادەن، پێویستە لەسـەر حکومەتیش چیتر قەزای سۆران پشتگوێ نەخات

نورەدین مەحمود ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی سـۆران وتی «ئێمە ئەوە یەکەم ساڵە بەشـداری دەکەین،لەخولـی پلە یەکەکانی کوردستان،ئێمە بۆئەم وەرزە هەموو هەوڵێکمان بۆئەوەیە بتوانین لەخولی پلەیەکی کوردستان بمێنینەوە، وتیشی ئاستی وەرزش لە دەڤەری ئێمە وەکو پێویسـتە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێمە نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بەخۆمانە بۆئەوەی بتوانین مەشقەکانمانی لێ ئەنجام بدەین، لەگەڵ نەبوونی توانایەکی دارایی باش ئەوەش هەر کێشـەیە بۆیاریزانان وبۆئێمەش، بەهاوکاری هەموو لایەك توانیمان ئاسـتی یانەکەمان بگەیەنینە ئەو رۆژەی ئێسـتا، بەرپرسـانیش هاوکاریمان دەکەن تاڕادەیەك، وتیشـی لەئێسـتاوە کاردەکەیـن بۆئەوەی بتوانین لەسـاڵی ئاییـنـدە خۆمان لە ریزی یانەپلەنایابەکانی کوردستان بدۆزینەوە .

# یانەی کەرکووک سەرکەوت بۆ خولی بژاردەی عێراق

هەفتەی رابردوو یانەی کەرکووك بە فەرمی خۆی گەیاندە خولی بژاردەی عێراق بۆ تۆپی پێی کۆمەڵەی باکوور هەرچەندە یارییەکانی ئـەم کۆمەڵەیە دوو هەفتـەی مابوو دوای ئەوەی لە یارییەکی چارەنووسـازدا توانی لە یانەی شەرگات خاوەن پلەی دووەمی خولەکە بباتەوە بـەم ئەنجامە یانـەی کەرکووك لە پێشـەنگی ئەم گرووپە دێت بە کۆکردنەوەی ١٩ خـاڵ بە جیاوازی حەفـت خاڵ لەگەڵ خاوەن پلەی دووەمی ئەم کۆمەڵەیە، ریزبەندی یانەکانی کۆمەڵەی باکوور بەمشێوەیە.

١- یانەی کەرکووك ١٩ خاڵ
٢- یانەی سەڵاحەدین ١٢ خاڵ
٣- یانەی شەرگات ١١ خاڵ
٤- یانەی ئیستاڵات ٩ خاڵ
٥- یانەی نەینەوا ٧ خاڵ
٦- یانەی سلێمانی ٧ خاڵ.

جێگەی باسـە لە هەر کۆمەڵێـك دوو یانە بۆ خولی بـژاردەی عێراق سـەردەکەوێت و رکابەرییەکانی ئەم خولە بەسـەر دوو کۆمەڵە دابەش کراون باکوور و باشوور.



# یانەی دهۆک بووبە پاڵەوانی خولی عێراق بۆ تۆپی باسکە

هەفتەی رابردوو لە شـاری دهۆك و لە هۆڵی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشـی دهۆك یاری کۆتایی خولی عێراق بۆ تۆپی باسـکە لە نێوان هەردوو یانەی دهۆك و کەرخ بەرێوەچوو، لەم یارییە یانەی دهۆك هەر لە سـەرەتاوە کۆنترۆڵی یارییەکەی کرد توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٨٢-٥٢) خاڵ لە بەرژەوەندی خۆی تەواو بکات ئەنجامی گێمەکانی ئەم یارییە بەمشـێوەیە بوو (٢١-١٤)، (٢٢-٩)، (٢٠-١٤)، (١٩-١٥)خـاڵ بەم ئەنجامی یانەی دهۆك توانی بۆ جاری سـێیەم لەسـەر یەکتری نازناوی خولی عێراق بۆ تۆپی باسکە بەرزبکاتەوە لە کۆتاییدا لە لایەن وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خەڵاتی پلەی یەکەم بەسەر یانەی دهۆك دابەشکرا.
جێگەی باسـە یانەی دهۆك لە وەرزی ئەمسـاڵدا توانی نازناوی خولی کوردستان بە دەستبهێنێت و خولی عێراقیش بە دەسـتهێنا و رکابەری لەسـەر نازناوی جامی عێراق دەکات کە لە یاری کۆتایی لەگەڵ یانەی شورتە یاری دەکات.
ئایا یانەی دهۆك دەتوانێت لە یەك وەرزدا سێ نازناوی مێژوویی بە دەستبهێنێت.

# کچانی ئەکاد بووە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان بۆ مەلەوانی



بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی یاری مەلەوانی لە کوردسـتان، وەزارەتی رۆشـنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان وسندوقی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ دانیشتووان و یەکێتی مەلەوانی کوردستان، بۆ ماوەی یەك رۆژ لـە مەلەوانگەی سـەنتەری بلوو لە هەولێری پایتەختی کوردسـتان بە بەشداری ژمارەیەکی کەمی یانەکانی کوردسـتان پاڵەوانییەتی مەلەوانی یانەکانی کوردسـتان لەسەر ئاستی کچان بەرێوە چـوو ئەم پاڵەوانێتیە کراوە بـوو و یانە بەشـداربووەکان پێکهاتبـوو لـە (ئارارات،ئـەکاد، قوتابخانەی مەلەوانی سـلێمانی)، بۆ هـەردوو ماوەی ٥٠م، ١٠٠م بوو بە جۆرەکانییەوە، لە پاڵەوانییەتەکەش یاریزانانە بەشـداربووەکان ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و بوونە مایەی سەرنجی ئامادەبووان .
ئەنجامـی کۆتایـی یانەکانـی کوردستانیش بەم شێوەی خوارەووە بوو

١-یانەی ئەکاد٤٦ خاڵ
٢-یانەی ئارارات ٤٣خاڵ
٣-قوتابخانـەی مەلەوانـی سلێمانی٢٢خاڵ

ئەنجامی تاك بەم شێوەیە بوو
مەلەوانی سەربەست
١-یاریزان بانە سالار لە یانەی ئەکاد
٢-یاریزان سـاندی زاهیر لە یانەی ئارارات

سینگەمەلە
١-یاریزان سـۆلین بەهـزاد لە یانەی ئارارات
٢-یاریـزان سـاندی زاهیر لـە یانەی ئارارات
٣-یاریزان ئـەژی کاوە لـە قوتابخانەی مەلەوانی سلێمانی

لە کۆتایشـدا خەڵات ودیاری بەسـەر یاریزانـان و تیپـە سـەرکەتووەکان دابەشکرا.